## ***گوزه رێ به كه له به ری هونه ردا***

(ئاورێ بۆ سه ر 25 ساڵ چالاكی گرووپی مۆسیقای كامكاره كان)

### دوا به ش

نووسه ر : حه سه نی زهووری

وه رگێڕ : ڕێناس جاف

گرووپی كامكاره كان یه كه م كۆنسێرته كانیان، له ساڵانی
سه ره تای سه ركه وتنی شۆڕشدا1 به ڕێوه برد.
زۆربه ی ئه و كۆنسێرتانه ش له ته لار و هۆڵه كانی هونه ری
" وه حده ت" و " ئازادی"2 به ڕێوه ده بردران و بریتی له
سێ به شی مۆسیقای فارسی، تاك ژه نینی ئه رده وان و
مۆسیقای كوردی بوو.
ساڵی1368 هه تاوی " ئومێد لوتفی" كوڕی " حه مه ره زا لوتفی" و
" قه شه نگی كامكار" چوونه نێو ئه و گرووپه وه و
وه ك ژه نیاری تار ، ده وریان ده گێڕا.
هه ر له و ساڵانه دا گرووپی كامكاره كان بۆ به ڕێوه بردنی
به رنامه ی هونه ری ، ڕێی كه وته زۆر وڵاتی ئه ورووپی
كه كار و چالاكی هونه ریيان له لایه ن ئه ورووپييه كانه وه
پێشوازیيێكی به رفره ی لێكرا.
ئه وان له ڕێی مۆسیقای كوردی و فارسییه وه توانییان
هۆگرێكی فره ، وه ده س بخه ن، پاشان كه ده گه ڕانه وه
ئێران ، به شێكی به رهه می ئه و كۆنسێرتانه یان، به شێوه ی
سێدی ده خسته بازاڕه وه .
به گه وره بوون و پێگه یشتنی مناڵانی كامكاره كان، ئه وانیش
له گه ڵ دایكانیان، چوونه نێو گرووپه كه وه .

له ساڵی 1378 هه تاوییه وه هه تا به مرۆ گرووپی کامکاران توانیویه چالاکانه تر خۆ له شانۆکانی نێونه ته وه یی و جیهانی دا ده ربخات.
ئه رچی زۆرێ له ژه نیار و مۆسیقازانه کانی ئێرانی ئێسته ڕوویان له مۆسیقای ڕۆژاوا کردووه به ڵام گرووپه که ی کامکاران ، هه روا سووره له سه ر پاراستنی ڕه سه نایتی خۆ که چی له و لاشه وه توانیویه له ده ستکه وته کانی مۆسیقای جیهانیش ئه وپه ڕی که ڵک وه ربگرێ.
جا هه ر بۆیه به رهه می مۆسیقایی ئه م گرووپه  ئه مڕۆکه ئه وه نده له ئاستی دونیادا پێشوازی لێ ده کرێ.
گرووپی کامکاران له ساڵانی 1378 و 1379 هه تاوی له شاره کانی سلێمانی، هه ولێر و دهۆک ، ده ستی داوه ته ئاهه نگ گێڕان و به رهه می مۆسیقایی خۆی پێشکه ش به جه ماوه ری تامه زۆری هونه ر کردووه.
هه ر وه ها له ساڵی 1379 هه تاوی دا کۆنسێرتێکی له شاره کانی ئه سته مووڵ و دیاربه کر ، به جل و به رگی کوردی ، به ڕێوه برد که له مێژووی ترکیادا به ڕێوه بردنی به رنامه یێکی ئه وتۆی هونه ری  به جل و به رگی کوردییه وه بێ وێنه بووه.
ئه م گرووپه هه ر وه ها توانی له ڤستیڤاڵی "لۆچیانۆ بێریۆ" گه وره مۆسیقازانی هاوچه رخی ئیتالیایی به شدار بێت.
ئه و کۆنسێرته تێکه ڵکردنێکی دوو مۆسیقای کوردی و مۆسیقای مۆدێڕنی دونیا له یه کتردا بوو که به هاریکاری گرووپی کامکاران و ئۆرکێستر سه مفۆنیتا، به ڕێوه چوو.
به شێکی دی له چالاکییه کانی سه رکه وتووانه ی گرووپی کامکاران، ئه گه ڕێته وه بۆ ساڵی پار که له ڕۆژی به خشرانی

خه لاتی ئاشتی نۆبێڵ به " شیرین عیبادی". ئاهه نگێکیان گێڕا
که ئاهه نگه که یان ڕاسته و خۆ له چه ندین که ناڵی
جیهانییه وه بڵاو کرایه وه .
له و ئاهه نگه دا کامکاره کان گۆرانی و به سته یێکی کوردییان به ناوی
" شیرین" پێشکه ش کرد که ڕۆحێکی دی به کۆڕه که به خشی.
به شداری و ئاماده بوونی " سه با کامکار"(کچی هوشه نگی
کامکار) یه ک له و خالانه ی بوو که له و پرۆگرامه دا
گه لێ سه رنج ڕاکێش بوو.
نێوه ڕاستی ساڵی پار، هاتنی " مایکڵ نیمه ن" بۆ ئێران و
ئه نجامی چه ن وتوو وێژێ دۆستانه ده گه ڵ گرووپه که ی
کامکاران، به لێن و قه ولی هاریکاری ئه و مۆسیقازانه
مه زنه ی به ریتانیا له ته ک گرووپی کامکارانی لێ که وته وه.
ئه و هاوکارییه به و چه شنه بوو که دوولا، چه ن به سته یێک
بۆ یه کتر بنووسن، هه ر وه ها بڕیار وا بوو "نیمه ن"
به سته یێک له سه ر بنه مای مۆسیقای کوردی و ئۆرکێستر
سه مفۆنیک ئاماده بکات و به هاوکاری گرووپی کامکاران،
به ڕێوه ی ببات.
هۆگری ئه و مۆسیقازانه ناوداره به ریتانیاییه به مۆسیقای کوردی
ئه گه ڕێته وه بۆ ئاشنایێتی له سه ر کۆنسێرته کانی
گرووپی کامکاران له ئه ورووپا.

ئه و هاریکارییه بڕیار وا بوو ئه و ساڵ بێته دی، که چی هێشتا
سه ری نه گرتووه.
به پێی قسه ی هوشه نگی کامکار، ئه و چه ن پار و به سته ی
"مایکڵ نیمه ن" بۆ گرووپی مۆسیقای کامکارانی ئاماده کردووه،

زۆر ساده و ساكار بووه و له ڕاستی دا ئه و شته نه بووه كه
ئه وان ئینتیزاریان ده كرد. هه ر بۆیه" نیمه ن" ده یه وێ
بۆ درێژه ی هاوكارییه كه ی فره تر له مۆسیقای كوردی
بكۆڵێته وه .
گرووپی كامكاران هه تا به مرۆ توانیویه ناوبانگێكی جیهانی
بۆ خۆ ده س بخات. كامكاره كان له كۆنسێرته كانی نێو كۆشكی
نیاوه رانی تارانا، به پێشكه شكردنی جوانترین و
له به ردلاَنترین گۆرانی كوردی، توانییان جه ماوه ر ی
به شدار و ئاماده بوو بهه ژێنن. ئه و كۆنسێرته كه به هاریكاری
سه نته ری مۆسیقایی " بێتهۆڤن" به ڕێوه چوو،
چه ندین سترانی له به ردلاَنی وه ك " هه ورامان"،
" سه دای دوورییه كه ی"، " كه ژاوه"، " خه مێكی تر"،
" له رزان له رزان"، " كه تانه" ، " خۆشه هه ورامان"، "سه بری"،
" ده سماڵ په شمینه"، و "سه وزه مه رۆ"، " كراس كوده ری"،
" ئه ورادخانی"، " هه لاَله ته نیا"، " گوڵ نیشان"، " كه ڤۆكێ"،
"شلێره" و " قاسم خان"، پێشكه ش كران.
"ئه ورادخانی" له سه ر بنه مای مۆسیقای كۆنی ده ڤه ری
هه ورامان و به شێعرێكی مه وله وی تاوگۆزی، به رهه مێكی
تازه و نوێی ئه و گرووپه بوو كه مۆركی ڕه سه نایێتی
پێوه دیار بوو. ئه ورادخانی گه نجینه ی مۆسیقای ئایینی
نێو هه موو گه لێكه كه تێكه ڵ به فۆرمی مۆسیقایی بووه و
به گشتی گازه و موناجاتی ئایینی ده گرێته وه. كامكاره كان
به درێژایی ساڵانی چالاكییان هه تا به ئێستا گه لێ به رهه میان
به شێوه ی شریت(كاسێت)، سیدی و كتێب، خستۆته به رده س
هۆگرانی خۆ كه له و نێوانه دا ده كرێ ئاماژه بكه ینه
ئه لبۆمه كانی : "هه ورامان"،" شلێره"، " گه لاوێژ"،

" کامکاران" ، " ئاگری زیندوو"، " گوڵ نیشان"، " کانی سپی"،
"سه ماعی زه ربی"، "کۆژه نی و تاک ژه نی به یادی سه با"،
" بارانه" ، " زه ریا" ، " به سه ر باڵی باوه"، به رهه مه کانی
سه مفۆنیکی " له کوێنه ئه ی شه هیدانی خودایی"،
" گوڵی دایمه به هار" ، " له گوڵستانه "، "ئه فسانه ی زێدی
باوکم"، " ئێواران" ، " به یادی حافیز" ، " پۆئێم سه مفۆنی
کوردی"، "کازێوه"، " سوئیت سه مفۆنیکی جاده ی هاوریێشم"،
"خاک و ئه ڤین"، " مۆسیقای پردێ بۆ سه رکه وتن"، "دایک"،
"گۆرانییه کانی زێدی دایکم" و ئاماده کردنی مۆسیقای تیاترۆی
"به له نگازان".
ئه م گرووپه هه تا به مرۆ توانیویه چه ندین به رهه م و
کتێب له سه ر مۆسیقا به چاپ بگه یێنێ له وانه ش ده کرێ
ئاماژه بکه ینه : بنه ماکانی ئۆرکێستراسیۆن، کۆرساکێف،
فۆگ و ئه نواسیۆن به رهه می فێراڵ، هارمۆنی سه ده ی
بیسته م به رهه می پێرسی چێتی، کۆنترپۆان مۆدیل به رهه می
ده یڤید بۆیدن، مۆسیقای کلاسیک- ڕۆمانتیک، ئۆرکێستراسیۆن
به رهه می کۆنت کێنان و زۆر به رهه می دی.
مۆسیقای کوردی به هۆی هه وڵی بێوچانی ئه م گرووپه و
چالاکی به رده وامی، سنووری کوردستانی به زاندووه و
گه یشتۆته وڵاتانی ئه ورووپی.
نموونه ی گرووپی کامکاران له دونیادا زۆر که مه . ئه م
گرووپه توانیویه بۆشایی ئه و به ستێنه هه تا ڕاده یێک
پڕ بکاته وه . هه تا دێ ئه ندامانی گرووپه که ش فره تر
ده بن بۆیه ڕه نگه له داهاتوودا ئۆرکێسترای مه زنی
کامکاران، چێ بێت!

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

1 سـه ركـه وتنـی شۆڕشـی گـه لانـی ئێـران لـه سـاڵی 1979 زایینی

2 دوو هۆڵی گه وره ی به ڕێوه بردنی به رنامه ی هونه رین له شاری تارانا

*******************

ژێده ر : ڕۆژنامه ی شه رق، دووشه مه 30 خه رمانانی 1383 هه تاوی

************

چه ن په یڤێک له وه رگێڕ :

سه یدا حه سه نی كامكار باوكی كامكاره كان ،

ساڵی 1302 هه تاوی له شاری سنه ی ڕۆژهه ڵاتی كوردستانا له دایک بوو. هێشتا ته مه نی 12 ساڵانی ئه بێ كه له فێرگه ی مووزیكی " نیزام" ڕوو ده كاته دونیای هونه ر و فێربوونی ئامێره كانی مۆسیقا.

مامۆستا حه سه نی كامكار بۆ زۆرێ له سترانبێژانی گه وره ی كورد ئاهه نگی چێ كردووه له و نێوانه دا ده كرێ نێوی مامۆستا: " حه سه ن زیره ک" ی نه مر، بێنین،هه روه ها بۆ به ره ی لاوتری سه رده می خۆی پڕ خزمه تی كردووه و هێشتا زۆر گۆرانی " عه باس كه مه ندی"و " حوسێن شه ریفی" به رامه ی گیانی هونه ری نه مر حه سه نی كامكاريان پێوه يه.

ئه م مامۆستا نه مره پتر له نیو سه ده خزمه تی خه رمانه ی هونه ری مۆسیقای كرد و توانی منالانێ به هره مه ند له دونیای هونه ردا پێ بگه یێنێ.

مامۆستا كامكاری نه مر زێترین هه وڵی له پێناوی

مۆسیقای کوردی  ده کار هێناوه و زۆر تێکۆشاوه به رگی
مۆسیقای زانستیانه ی به وه ردا بکات.
مامۆستا حه سه نی کامکار ساڵی 1371 هه تاوی
دڵه شه یداکه ی هونه ری ، بۆ هه میشه ماڵئاوایی
له دونیای هونه ر کردووه.
خاڵێکی دی که ده مه ویست سووکه ئاماژه یێکی پێ بکه م
سه باره ت به بابه ته وه رگێڕدراوه که یه.
له به ر ڕه چاوی ئه مانه تداری له کاری وه رگێڕانا
من ئه وه ند ده سکاری ده قه فارسییه که م
نه کردووه ، دیاره له زۆر شوێندا له گه ڵ بیر و بۆچوونی
نووسه ر نیم .به ڵام له به ر ئه وه ی هه وڵه که ی
به هه وڵێکی هونه ری ده زانم ئه وه ند لاقه ی
ده قی سه ره کیم نه کردووه .
خاڵێکی تر بۆ ئیشاره ت پێ کردن ده شێ ڕوانگه یێکی
تاکییه و ئه ویش ئه گه ڕێته وه بۆ بواری سترانبێژی.
بێگومان بنه ماڵه ی کامکاران گه لێ دڵسۆز به دونیای
مۆسیقای کوردین و به وپه ڕی شانازێشه وه
له هه ر کۆڕ و ئاهه نگێک دا خۆشیان بێ پێچ و په نا
ئه وه یان درکاندووه. گرووپه که ی کامکاران ئه مڕۆکه
جێ په نجه یان به باڵای مۆسیقای کوردییه وه پڕ خۆیایه.   ئه
م گرووپه هه وڵیه تی له  درێژه ی  ڕاژه و
خزمه ته که ی نه مر حه سه نی کامکاردا به رگێ زانستیانه
به وه ر مۆسیقای ده ڵه مه ندی کوردی دا بکات.
به دانانی زۆر فێرگه ی مۆسیقایی ، هه وڵیانه ئه و گرینگه
به ئه نجام بگه یینن.
به ڵام خاڵێک به لای منه وه له کار و چالاکی ئه م گرووپه

مه زنه دا وه ک عه یب و عه ته وێ خۆ قوت ئه کاته وه
ئه وه یه وێڕای ڕێز و حورمه تی فره و فره وانم
بۆ هه مووان، هێشتا سترانبێژیان تیا نییه، ده نگێ
شه شدانگ خاوه نی ملکی کوردی بێت. ده نگێکی سرکی
کوردانه ، ده نگێ زاده ی ئاران و زۆزانی کوردان بێت.
ده نگێ ئاشنا به سێبه ری ڕه شماڵ و ده وارانی
کورده واری. ده نگێ شاره زا به هاژه ی ده ربه ندان.
ده نگێ حه زی کورده واریت تیا بژێنێته وه .
گرووپه که ی کامکاران له هه موو ئامێره کانی
مۆسیقادا باڵا ده ستن، شوکر ئێسته ش کوردستان
سترانبێژی ده نگ زوڵاڵ و چریکه خۆشی زۆری تێدایه
ئه ی بۆ ده بێ هه وڵنه درێ هه ر جاره و
به ئه زموونێکی نوێ و تازه وه لای کوردان ببنه میوان؟!

Renas caf@yahoo.com